مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

# المورفو-سيمانتيكيا للألفاظ النابية في اللغة الكردية: وفق نظرية المورفولوجيا الموزعة (DM)

أ.م.د.ازاد أمين فرج
جامعة كركوك – كلية التربية – قسم اللغة الكردية
dr.azad@uokirkuk.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: التكوين القدحي، التصنيف السياقي، البراغماتية الصرفية، الرسم الدلالي، المقاومة اللغوية، الاصطلاحية السياقية

**كيفية اقتباس البحث**

فرج , ازاد أمين , المورفو-سيمانتيكيا للألفاظ النابية في اللغة الكردية: وفق نظرية المورفولوجيا الموزعة (DM),مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:٥ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

Registered مسجلة في
ROAD

Indexed مفهرسة في
IASJ

# المورفو-سيمانتيكيا للألفاظ النابية في اللغة الكردية: وفق نظرية المورفولوجيا الموزعة (DM)

# Morpho-Semantics of Profanity in Kurdish: A Distributed Morphology (DM) Approach

Asst. Prof. Dr. Azad Ameen Faraj
University of Kirkuk - College of Education - Department of Kurdish Language
dr.azad@uokirkuk.edu.iq

**Keywords** : Pejorative Formation, Contextual Categorization, Morpho-pragmatics, Semantic Mapping, Linguistic Resistance, Idiomatization

**How To Cite This Article**
Faraj , Azad Ameen , Morpho-Semantics of Profanity in Kurdish: A Distributed Morphology (DM) Approach ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract
This study investigates the morpho-semantic structure of taboo language and profanity within the Central Dialect of Kurdish (Sorani), utilizing the framework of Distributed Morphology (DM). Moving beyond traditional lexicographical approaches, the research argues that Kurdish taboo expressions are not merely emotional outbursts but complex grammatical constructs governed by precise linguistic operations. By analyzing data from contemporary Kurdish discourse and literary sources, the study demonstrates how neutral Roots ($\sqrt{}$) undergo a process of Late Insertion and contextual categorization to acquire pejorative meanings.
The analysis focuses on three primary mechanisms: the role of the Encyclopedia in mapping socio-political history onto linguistic structures, the use of Reduplication as a prosodic tool for depreciation, and the principle of Social Blocking, where compound pejoratives displace neutral terms to maximize pragmatic impact. The findings reveal that the Kurdish language exhibits a high degree of "morphological creativity" in generating offensive structures, reflecting a deep intersection between

syntax, phonology, and the collective socio-political memory of the speech community. Ultimately, this research provides a formal account of how the Kurdish mental lexicon organizes and retrieves socially sensitive linguistic units .This study will only remain within the framework of the middle dialect of Kurdish. Because this dialect has a rich morpho-phonological characteristic in the formation of nicknames, complaints and adjectives. This method helps us to finally come up with a comprehensive weave for the morphology of slang words in this dialect.

الملخص :
تتناول هذه الدراسة البنية ( المورفو-سيمانتيكية ) للألفاظ النابية والكلمات النابية في اللهجة المركزية للغة الكوردية (السورانية)، وذلك في إطار نظرية المورفولوجيا الموزعة (Distributed Morphology). وتذهب الدراسة إلى ما هو أبعد من المقاربات المعجمية التقليدية . حيث تجادل بأن التعبيرات النابية في اللغة الكوردية ليست مجرد انفعالات عاطفية، بل هي بنى قواعدية معقدة تخضع لعمليات لغوية دقيقة. ومن خلال تحليل البيانات المستمدة من الخطاب الكوردي المعاصر والمصادر الأدبية، توضح الدراسة كيف تخضع الجذور المحايدة لعملية الإدراج المتأخر والتصنيف السياقي لاكتساب دلالات قدحية.
يركز التحليل على ثلاث آليات رئيسية: دور الموسوعة (Encyclopedia) في ربط التاريخ السياسي والاجتماعي بالبنى اللغوية، واستخدام التضعيف (Reduplication) كأداة صوتية للتحقير، ومبدأ الحجب الاجتماعي (Social Blocking)، حيث تحل المركبات القدحية محل المصطلحات المحايدة لتحقيق أقصى قدر من التأثير البراغماتي. وتكشف النتائج أن اللغة الكوردية تظهر درجة عالية من ( الإبداع المورفولوجي ) في توليد البنى الهجومية، مما يعكس تقاطعاً عميقاً بين النحو، والفونولوجيا، والذاكرة السياسية والاجتماعية الجماعية لمجتمع المتحدثين. وفي الختام، تقدم هذه الدراسة تفسيراً منهجياً لكيفية تنظيم المعجم الذهني الكوردي للوحدات اللغوية الحساسة اجتماعياً واسترجاعها. ستقتصر هذه الدراسة على اللهجة الوسطى من اللغة الكردية، لما تتميز به هذه اللهجة من خصائص صرفية صوتية غنية في تكوين الألقاب والشكاوى والصفات. تساعدنا هذه المنهجية في التوصل إلى فهم شامل لصرف الكلمات العامية في هذه اللهجة.

**مۆرفۆ-سیمانتیکی وشە زبرەکان لە زمانی کوردیدا: بەپێی تیۆری (DM) .**

**پ.ی.د. ئازاد ئەمین فەرەج**
**زانکۆی کەرکوک-کۆلێژی پەروەردە - بەشی زمانی کوردی**
dr.azad@uokirkuk.edu.iq

پوختەی توێژینەوە :
ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر شیکردنەوەی بونیادی مۆرفۆ-سیمانتیکی وشە زبرەکان و تابۆ زمانەوانییەکان لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا (سۆرانی) دەکات، بە پشت بەستن بە تیۆری مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو (Distributed Morphology). توێژینەوەکە لەو تێڕوانینە باوە دەردەچێت کە جنێو تەنها دەرهاویشتەی هەڵچوونی دەروونییە، بەڵکو دەیسەلمێنێت کە



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

ئەم وشە و دەربڕینانە دروستەی ڕێزمانیی ئاڵۆزن و لە مێشکدا بەپێی یاسا وردەکانی زمانەوانی بونیاد دەنرێن. لەڕێگەی شیکردنەوەی داتاکانی ڕۆژانە و سەرچاوە فەرهەنگییەکان، توێژینەوەکە دەریدەخات چۆن ڕەگە بێلایەنەکان لە قۆناغی تێهەڵکێشانی درەنگوەختدا و لە ژێر کاریگەریی سیاقدا، واتایەکی زبر و نەرێنی وەردەگرن.
ئەم شرۆڤەکردنە جەخت لەسەر سێ میکانیزمی سەرەکی دەکاتەوە: ڕۆڵی ئینسایکلۆپیدیای مێشک لە بەستنەوەی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە بونیادی زمانەوە ،بەکارهێنانی جووتەوشەکان وەک ئامرازێکی دەنگی بۆ بێبایەخکردنی بەرامبەر و پرەنسیپی بلۆککردنی کۆمەڵایەتی کە تێیدا وشە لێکدراوە زبرەکان جێگەی وشە سادەکان دەگرنەوە تا زۆرترین کاریگەریی پراگماتیکی دروست بکەن. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بەوە دەدەن کە زمانی کوردی خاوەن دروستکردنی مۆرفۆلۆژیی یەکجار زۆرە لە بەرهەمهێنانی وشە زبرەکاندا ، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی کارلێکی قووڵی نێوان ڕێزمان و دەنگسازی و یادەوەریی بەکۆمەڵی تاکی کوردە .

کلیلەوشەکان : دارِشتنی وشەی زبر ، پۆلێنکردنی سیاق ، مۆرفۆ-پراگماتیک، نەخشەسازیی سیمانتیکی، بەرگریی زمانەوانی، جێگیربوونی واتا .

- پێشەکی :

زمانی مرۆڤ تەنها ئامرازێک نییە بۆ گواستنەوەی زانیارییە لۆژیکییەکان، بەڵکو گەنجینەیەکی فراوانە بۆ دەربڕینی هەستە قووڵەکان، ململانێ دەروونییەکان و پاراستنی تابۆ کۆمەڵایەتییەکان. لە نێوان هەموو ڕەهەندەکانی زماندا، وشە زبرەکان یان جنێو وەک یەکێک لە ئاڵۆزترین و زیندووترین دیارە زمانەوانییەکان دەردەکەوێن. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە زاراوەی ( وشە زبرەکان ) وەک ئەمانەتێکی زانستی لە فەرهەنگی وشە زبرەکانی ( محەمەد فەریق حەسەن ) وەرگیراوە. ئەم وشانە تەنها دەرهاویشتەی تووڕەیی یان لادان لە ئەخلاق نین، بەڵکو لە ڕووی زانستییەوە خاوەن بونیادێکی مۆرفۆلۆژی و سیمانتیکیی یەکجار وردن کە شایستەی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی سەربەخۆن.

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر بونیادی مۆرفۆ سیمانتیکی وشە زبرەکان لە دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا. گرنگیی ئەم بابەتە لەوەدایە کە تاکی کورد خاوەن توانایەکی زۆرە لە بەکارهێنانی پلار و تانە و تەشەردا، بە جۆرێک کە دەتوانێت سادەترین یەکەی فەرهەنگی وەک ژمارە و ناوی ئامێرەکان یان پێکهاتە بایۆلۆژییەکان بارگاوی بکات بە واتایەکی زبری یەکجار کاریگەر. ئەم پرۆسەی بارگاویکردنە تەنها گۆڕانکاریی نییە لە واتادا، بەڵکو پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژیی ئاڵۆزە کە دەتوانرێت لە ژێر ڕۆشنایی تیۆرییە نوێیەکانی زمانەوانیدا شیکاریی بۆ بکرێت.

بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی دروستبوونی ئەم وشانە، ئەم توێژینەوەیە پشت بە تیۆری مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو یان DM دەبەستێت. بەپێی ئەم تیۆرییەی کە لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لەلایەن هالی و مارانتزەوە پەرەی پێدراوە، مۆرفۆلۆژی وەک بەشێکی سەربەخۆ لە دەرەوەی ڕێزمان بوونی نییە، بەڵکو وشەکان لە ناو ڕێزماندا و لە ڕێگەی ڕیزبەندییەکی هەرەمییەوە بەرهەم دێن. ئەم مۆدێلە ڕێگەمان پێ دەدات کە وشە زبرەکان وەک ڕەگی بێلایەن ببینین کە لە قۆناغی تێهەڵکێشانی درەنگوەختدا بەپێی بارودۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتیی ئاخێوەر، دەنگ و واتایەکی زبر وەردەگرن.

کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا چڕ دەبێتەوە کە چۆن تاکی کورد لە دیالێکتی ناوەڕاستدا سوود لە بونیادە مۆرفۆلۆژییە ئاڵۆزەکانی وەک جووتەوشەکان و لێکدان دەبینێت بۆ دروستکردنی وشەی زبر. هەروەها چۆن مۆرفیمە نازناوەکان دەگۆڕێن بۆ ناتورە. لێرەوە توێژینەوەکە هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی وەسفی شیکاری ئەو کەرەستە خاوە دەوڵەمەندەی کە لە فەرهەنگی وشە زبرەکاندا هەیە، بخاتە ژێر باری تاقیکردنەوەی تیۆری مۆرفۆلۆژیی دابەشکراوەوە ، تا بگاتە ئەنجامێک کە بونیادی مۆرفۆ سیمانتیکی ئەم وشانە لە زمانی کوردیدا ڕوون بکاتەوە.

میتۆدۆلۆژیی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە میتۆدی وەسفی شیکاری پەیڕەو دەکات کە گونجاوترین ڕێگەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردە زمانەوانییەکان بە گشتی و بونیادی مۆرفۆلۆژی بە تایبەتی. بۆ گەیشتن بە ئەنجامە زانستییەکان توێژینەوەکە لەسەر چەند ئاستێکی میتۆدی کار دەکات:

یەکەم: کۆکردنەوەی داتا

کەرەستە خاوەکانی ئەم توێژینەوەیە لە فەرهەنگی وشە زبرەکانی محەمەد فەریق حەسەن و ئەو لیستە دەوڵەمەندانە وەرگیراون کە لە ژیانی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی دیالێکتی ناوەڕاستدا باون. لێرەدا هەوڵ دراوە ئەو وشە و دەربڕینانە هەڵبژێردرێن کە خاوەن بونیادێکی مۆرفۆلۆژیی دیارن، وەک جووتەوشەکان و وشە ئاوێتەکان، تاوەکو باشتر خەسڵەتە ڕێزمانییەکانیان دەربکەوێت.

دووەم: پۆلێنکردنی داتا

پاش کۆکردنەوەی وشە و دەربڕینە زبرەکان، داتاکان بەپێی جۆری بونیادی مۆرفۆلۆژییەکەیان پۆلێن دەکرێن بۆ چەند گروپێکی سەرەکی:

- گروپێک بۆ جووتەوشەکان (Reduplication).
- گروپێک بۆ وشە ئاوێتەکان (Compounds).
- گروپێکی تر بۆ ئەو وشە و ناتورانەی کە لە ڕێگەی پاشگرەوە واتا و ئەرکیان گۆڕاوە.

سێیەم: شیکاریی تیۆری :

لەم قۆناغەدا داتاکان دەخرێنە ژێر باری شیکاریی تیۆری مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو (DM). لێرەدا پشت بە بنەماکانی ئەم تیۆرییە دەبەسترێت بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە چۆن ڕەگە بێلایەنەکان لە ناو دروستەی ڕێزمانیدا دەبنە هەڵگری واتای زبر. هەروەها شیکردنەوە بۆ پرۆسەی تێهەڵکێشانی درەنگوەختی دەنگەکان دەکرێت تاوەکو بزانرێت بۆچی فۆرمێکی دیاریکراوی دەنگی بۆ جنێوێکی دیاریکراو هەڵبژێردراوە و چۆن دەوروبەر وەرگێڕانە سیمانتیکییەکە ئاراستە دەکات.

چوارەم: دیاریکردنی سنووری توێژینەوە :

ئەم توێژینەوەیە تەنها لە چوارچێوەی دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا دەمێنێتەوە . چونکە ئەم دیالێکتە خاوەن تایبەتمەندییەکی ( مۆرفۆ-فۆنۆلۆژیی ) دەوڵەمەندە لە دروستکردنی نازناو، تانە و تەشەرەکاندا. ئەم میتۆدە یارمەتیمان دەدات کە لە کۆتاییدا بونیادێکی گشتگیر بۆ مۆرفۆلۆژیی وشە زبرەکان لەم دیالێکتەدا بخەینە ڕوو.

بەشی یەکەم:

- بناخە تیۆرییەکانی مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو (Distributed Morphology) :

مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو یەکێکە لە تیۆرییە هەرە نوێ و کاریگەرەکانی زمانەوانیی هاوچەرخ کە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا لە لایەن ( مۆریس هالی ) و ( ئەلێک مارانتز )ەوە

بناخەکەی دارێژراوە (Halle and Marantz, 1993, p. 111) و بە شێوەیەکی ڕادیکاڵانە دژی ئەو تێڕوانینە کلاسیکییەیە کە پێی وایە وشەکان لە ناو فەرهەنگێکی سەربەخۆدا دروست دەبن. ئەم تیۆرییە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هیچ کارگەیەکی وشەسازیی جیاواز لە ڕێزمان بوونی نییە . وشە و ڕستە هەردووکیان لە ناو یەک سیستەمی ڕستەسازیدا بەرهەم دێن (Marantz, 1997, p. 201).

ناونانی ئەم تیۆرییە بە ( دابەشکراو ) لەوەوە هاتووە کە ئەو ئەرکانەی پێشتر تەنها بە فەرهەنگ دەدرا ، ئێستا دابەش کراون بەسەر چەند بەشێکی جیاوازی ڕێزماندا ( Embick and Noyer, 2007, p. 289). لەم مۆدێلەدا مۆرفۆلۆژی وەک پرۆسەیەک دەردەکەوێت کە مۆرفیمەکان وەک یەکەی ڕێزمانیی بێدەنگ دەچنە ناو پێکهاتەی هەرەمیی ڕستەوە و لە قۆناغی تێهەڵکێشانی درەنگوەختدا (Late Insertion) فۆرمێکی دەنگی وەردەگرن ( Embick and Marantz, 2008, p. 6). ئەمەش یارمەتی ئەوەمان دەدات لەوە تێ بگەین کە وشە زبرەکان لە بنەڕەتدا وەک یەکەی بێلایەن یان ڕەگی بێ ناسنامە (Roots) لە مێشکدا دەست پێ دەکەن و تەنها لە کاتی جێگیربوونیان لە ناو سیاقێکی ڕێزمانیدا بەرگی زبری دەپۆشن (بازیان یونس محێدین و ئەوانی تر، ٢٠٢٤، لاپەڕە ٣٧٦).لەم ڕوانگەیەوە، بەکارهێنانی ئەم جۆرە پێکهاتە زمانەوانییە نائاساییانە لە ڕێگەی گۆڕینی فورمە مۆرفۆلۆژییەکانەوە، وەک میکانیزمێکی گوزارشتکردن بۆ توندکردنی ئاستی ململانێ و جەختکردنەوە لە ڕەهەندی نەرێنیی دەق بەکاردێت (حوسێن، ٢٠٢٤ ، ل ١٣٠٧ ) ئەم پرۆسەیە لەسەر ئەو بنەمایە وەستاوە کە مۆرفۆلۆژی بە تەواوی ڕستەسازانەیە و یاساکانی ڕستە هەر هەمان ئەو یاسایانەن کە وشە ئاوێتە ئاڵۆزەکان و جووتەوشە زبرەکانیش دروست دەکەن . چونکە بونیادی وشە پەیڕەوی هەمان هەرەمی ڕێزمانی دەکات کە لە مێشکی ئاخێوەردا جێگیر بووە ( Harley and Noyer, 1999, p. 3).

- هەر سێ لیستە سەرەکییەکەی مێشک لە مۆرفۆلۆژیی دابەشکراودا :

لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی دابەشکراودا ، مێشکی مرۆڤ وەک کارگەیەکی ڕێکخراو کار دەکات کە لە سێ کۆگا یان لیستی جیاواز پێکدێت. هەر یەک لەو لیستانە ئەرکێکی تایبەتی خۆی هەیە لە دروستکردنی وشەدا و تێگەیشتن لەم پرۆسەیەدا یارمەتیدەرە بۆ شرۆڤەکردنی ئەوەی بۆچی وشەیەکی بێلایەن لە لایەن ئاخێوەری کوردەوە دەکرێت بە جنێو .

یەکەم: لیستی پێکهێنەرە مۆرفۆسنتاکسییەکان (The Morphosyntactic List) :

ئەم لیستە بە یەکەمین و بنەڕەتیترین وێستگەی بەرهەمهێنانی وشە دادەنرێت. ئەم لیستە کۆمەڵێک یەکەی ئەبستراکت و داماڵراو لەخۆدەگرێت کە پێیان دەوترێت مۆرفیمە ئەرکییەکان (Functional Morphemes) و ڕەگەکان (Roots). تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەم لیستە ئەوەیە کە تێیدا مۆرفیمەکان هیچ زانیارییەکی فۆنۆلۆژی (دەنگ) یان زانیارییەکی ئینسایکلۆپیدی (واتای کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی)یان نییە ( Halle and Marantz, 1993, p. 121). بە واتایەکی تر ، ئەمانە تەنها کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ڕێزمانیین وەک ( کات، ژمارە، کەس ) و پۆلێنکەرە جۆراوجۆرەکان (Categorizers) کە ڕەگەکان دەگۆڕن بۆ ناو، کار، یان ئاوەڵناو (Harley and Noyer, 1999, p. 5).

لە زمانی کوردیدا و بە تایبەتی لە دروستکردنی وشە زبرەکاندا ، ئەم لیستە ڕۆڵێکی جەوهەری دەگێڕێت لە دارشتنی نەخشەی ڕێزمانیی وشەکەدا. کاتێک ئاخێوەر وشەیەکی وەک (کەرمل)

یان هەر ناتورەیەکی تر بەکاردەهێنێت، لەم قۆناغەدا تەنها ڕەگێکی بێلایەن و پۆلێنکەرێکی ناوی (n) لە ناو یەکەیەکی ڕێزمانیی هەرەمیدا یەکدەگرن (Embick and Noyer, 2007, p. 294). لێرەدا مۆرفیمەکان وەک یەکەی بێدەنگ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و هێشتا برگە دەنگییەکانی وەک (کەر) یان (مل) تێکەڵ بە پرۆسەکە نەبوونە ، چونکە بەپێی بنەمای تێهەڵکێشانی درەنگوەخت ، دەنگ تەنها لە قۆناغی کۆتایی و دوای تەواوبوونی نەخشە ڕێزمانییەکە دێتە کایەوە (Marantz, 1997, p. 204).

دووەم:

- لیستی برگە دەنگییەکان (The Vocabulary List) :

ئەم لیستە ئەو قۆناغە جەوهەرییەیە کە تێیدا پرۆسەی تێهەڵکێشانی درەنگوەخت ( Late Insertion) ڕوودەدات. تێیدا نیشانە یان برگە دەنگییەکان (Vocabulary Items) دەخرێنە ناو ئەو گرێ ڕێزمانییانەی لە قۆناغی یەکەمدا دروست بوون ( Halle and Marantz, 1993, p. 122). مێشک لەم لیستەدا دەگەڕێت بۆ دۆزینەوەی باشترین هاوتای دەنگی بۆ ئەو تایبەتمەندییە ڕێزمانییانەی کە پێشتر ئامادە کراون.

لە دروستکردنی وشە زبرەکاندا ، ئەم لیستە بەرپرسە لە هەڵبژاردنی ئەو فۆرمە دەنگییانەی کە زۆرترین کاریگەریی مۆسیقی یان فۆنۆلۆژییان هەیە. کاتێک ئاخێوەر دەیەوێت ناتورەیەک وەک (ملهوڕ) یان (زلحۆرت ) بەکاربهێنێت، مێشک لەم لیستەدا برگە دەنگییەکانی (مل، هوڕ، زل، حۆرت ) هەڵدەبژێرێت (Embick and Noyer, 2007, p. 296). لێرەدا چەمکی بلۆککردن (Blocking) دێتە کایەوە ، کاتێک وشەیەکی زبر وەک (کەرمل) لەم لیستەدا هەڵدەبژێردرێت، فۆرمە دەنگییەکەی بلۆکی وشە ئاساییەکانی تر دەکات ، کە هەمان تایبەتمەندیی ڕێزمانییان هەیە (Embick and Marantz, 2008, p. 9).

سێیەم:

- فەرهەنگی زانیاری یان ئینسایکلۆپیدیا (The Encyclopedia) :

ئەمە لیستە کۆتاییەکەیە کە تێیدا واتای نائاسایی، کۆمەڵایەتی و مەجازیی( میتافۆری ) وشەکان جێگیر دەبێت. ئەگەر لیستی یەکەم نەخشەی ڕێزمانی و لیستی دووەم فۆرمی دەنگی دابین بکەن ، ئەوا لیستی ئینسایکلۆپیدیا بەرپرسە لە بەخشینی واتای بارگاویبوو بەو دروستە مۆرفۆلۆژییانەی کە بەرهەم هاتوون (Halle and Marantz, 1993, p. 131).

ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن ئامێرێکی ئاسایی وەک (چەتر) و (زورنا) دەبنە هەڵگری واتایەکی ( تابۆ ) یان سووکایەتییەکی یەکجار قورس وەک : ( زوڕناژەنی حیزب ، هەر چەترەکە ...! ) ( حەسەن ، ٢٠٢١ ، ل١٢٣ ) لە ئینسایکلۆپیدیای مێشکی کورددا ئەم بونیادانە بەستراونەتەوە بە کۆمەڵێک زانیاریی قەدەغەکراوەوە کە پێیان دەوترێت واتای جێگیربوو لە سیاقدا (Embick and Noyer, 2007, p. 301). لێرەدا وشەکە لە واتا فەرهەنگییە بنەڕەتییەکەی دادەماڵرێت و دەبێتە نیشانەیەکی ( مۆرفۆ-سیمانتیکی ) بۆ سووکایەتی یان پلار (Marantz, 1997, p. 211).

- مۆرفۆلۆژیی کارپێکراو و بونیادی مۆسیقیی وشە زبرەکان

وشە زبرەکان لە زمانی کوردیدا و بە تایبەتی لە دیالێکتی ناوەڕاستدا تەنها یەکەی واتایی نین، بەڵکو یەکەی دەنگیشن کە لەسەر بنەمای ئاواز و کێشێکی دیاریکراو بونیاد نراون. بۆ تێگەیشتن لەم دیاردەیە، پێویستە پەنا ببرێتە بەر تیۆری مۆرفۆلۆژیی کارپێکراو ( Prosodic

Morphology). ئەم تیۆرییە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لە ژێر کاریگەریی ( کێش و برگە و ئاواز )ی زمانەکاندان ( McCarthy and Prince, 1993, p. 25).

لە زمانی کوردیدا کاتێک وشە زبرەکان بە شێوەی جووتەوشە (Reduplication) دەردەکەون، وەک (هات و هووت، هەڵە و پەڵە ، زرت و فرت ، جرت و فرت ، لات و لووت .... ) مۆرفۆلۆژیای زمانەکە تەنها گرنگی بە واتا نادات ، بەڵکو گرنگیش بە هەماهەنگیی برگەیی دەدات. بەپێی ئەم تیۆرییە مۆرفیمەکان دەبێت لە ناو قاڵبێکی مۆسیقیدا جێگیر ببن کە پێی دەوترێت (Template) . لە جووتەوشە زبرەکاندا مێشکی ئاخێوەر قاڵبێکی ئامادەکراوی هەیە و تەنها مۆرفیمەکان دەگۆڕێت بۆ ئەوەی زۆرترین کاریگەریی دەنگی لەسەر گوێگر دروست بکات (Inkelas and Zoll, 2005, p. 12).

ئەم شێوازە لە دروستکردنی وشە زبرەکان ، پەیوەندییەکی توندی بە سیمانتیکی مۆسیقییەوە هەیە . کاتێک ئاخێوەر مۆرفیمی دووەم دووبارە دەکاتەوە بە گۆڕینی فۆنێمێکی نەبزوێن ، وەک (چڵکن و پڵکن) لێرەدا پرۆسەی ( مۆرفۆ-فۆنۆلۆژی ) وای لێدەکات کە وشەکە قورستر و زبرتر بکەوێتە بەرگوێی بەرامبەر . ئەمیش رێک لەگەڵ بنەماکانی مۆرفۆلۆژیی دابەشکراودا یەکدەگرێتەوە، چونکە تێهەڵکێشانی درەنگوەختی دەنگەکان (Late Insertion) لە ژێر کاریگەریی ئەو چوارچێوە مۆسیقییانەدایە کە لە ناو مێشکدا جێگیربوون ( Embick and Noyer, 2007, p. 305).

جگە لەوە لە دیالێکتی ناوەڕاستدا ناو و ناتورەکان وەک (عومە قومقومە ، ئەحە جومجومە ، حەمەنانە ، شاپەڕەپە ، حەمید چکچکە ... ) پەیڕەوی یاسای سەروای ناوخۆیی دەکەن. ئەم بونیادە مۆرفۆلۆژییە وادەکات کە وشە زبرەکە تەنها وەک جنێو نەمێنێتەوە ، بەڵکو ببێتە نازناوێکی هەمیشەیی کە لە یادگەی بەکۆمەڵدا بمێنێتەوە . ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە مۆرفۆلۆژیای کوردی لە دروستکردنی زبریدا سوود لە هەموو کەرەستە دەنگییەکان وەردەگرێت ، تاوەکو وێنەیەکی سیمانتیکیی دزێو بۆ بەرامبەر دروست بکات (بازیان یونس محێدین و ئەوانی تر، ٢٠٢٤، لاپەڕە ٣٨٥).

- چەمکی رەگی بێلایەن (The Root) و میکانیزمی پۆلێنکردنی وشە زبرەکان :

لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی دابەشکراودا (DM)، یەکەی بنەڕەتیی هەموو وشەکان پێی دەوترێت رەگ (Root). رەگەکان لەم مۆدێلەدا وەک هەوێنی واتا کار دەکەن، بەڵام بێبەشن لە هەر جۆرە ناسنامەیەکی رێزمانیی وەک ( ناو، کار، یان ئاوەڵناو ) . بە واتایەکی تر رەگ تەنها یەکەیەکی ( واتا-هەڵگرە - Semantic carrier) کە لە ناو مێشکدا بە شێوەی (√) نیشانە دەکرێت (Halle and Marantz, 1993, p. 121). ئەم تێڕوانینە بۆ توێژینەوەی وشە زبرەکان زۆر گرنگە چونکە ئەوە روون دەکاتەوە کە رەگی وشەکانی وەک (√شێر)، (√پیاو)، یان (√زل) لە بنەڕەتدا هیچ ئاراستەیەکی نەرێنی یان زبریان تێدا نییە ، بەڵکو تەنها لە رێگەی کارلێکی رێزمانی و دەوروبەرەوە ئەو بەرگەیان بەسەردا دەبڕێت (Marantz, 1997, p. 205).

١. پرۆسەی پۆلێنکردنی رێزمانی و سیمانتیکی (Categorization) :

رەگەکان کاتێک دەبنە وشە ، کە لەگەڵ پاشگرێکی رێزمانیی ئەبستراکتدا یەکبگرن کە پێی دەوترێت پۆلێنکەر (Categorizer). ئەم پۆلێنکەرانە بریتین لە (n) بۆ دروستکردنی ناو ( v) بۆ کار و (a) بۆ ئاوەڵناو (Embick and Noyer, 2007, p. 295). بۆ نموونە، رەگی (√پیاو)

کاتێک لەگەڵ (n) یەکدەگرێت دەبێتە ناوێکی فیزیکی. بەڵام داهێنانی تاکی کورد لە بەکارهێنانی مۆرفۆلۆژیای دەوروبەریدا دەردەکەوێت . کاتێک ئەم ڕەگە لە سیاقێکی وەک (پیاوی بێگانە)دا بەکاردێت پرۆسەی پۆلێنکردنەکە لە ئاستی ئینسایکلۆپیدیای مێشکدا دەگۆڕێت. لێرەدا وەک ( هارلی و نۆیر ) ئاماژەی پێ دەدەن ، ( واتا ) بەندە بەو گرێیەوە (Node) کە ڕەگەکەی تێدا جێگیر کراوە. کەواتە (√پیاو) لە نێرینەوە دەبێتە مۆرفیمێکی واتایی بۆ نۆکەر یان جاسوس تەنها بەهۆی ئەو پۆلێنکردنە نوێیەی کە دەوروبەرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە بەسەریدا دەسەپێنێت (Harley and Noyer, 1999, p. 5).

١. چەمکی واتای جێگیربوو لە دەوروبەردا (Locality of Interpretation) :

بەپێی بنەماکانی مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو ڕەگ دەتوانێت واتایەکی تایبەت ( Special Meaning) وەربگرێت ئەگەر لە دەوروبەری مۆرفیمێکی دیاریکراودا بێت ( Marantz, 2013, p. 98). لە زمانی کوردیدا وشەیەک وەک (زل) لە بنەڕەتدا ئاوەڵناوی قەبارەیە، بەڵام کاتێک لەگەڵ ڕەگی (√حۆرت ) ئاوێتە دەبێت و دەبێتە (زلحۆرت) مێشک پۆلێنێکی ( نا-پەسەند ) بۆ هەردوو ڕەگەکە پێکەوە دەکات. لێرەدا پرۆسەی تێهەڵکێشانی درەنگوەخت ( Late Insertion) دەنگەکان دەهێنێت، بەڵام وەرگێڕانە سیمانتیکییەکە لە لیستی سێیەمدا (ئینسایکلۆپیدیا) بڕیاری لێ دەدرێت کە ئەم ئاوێتەیە وەک زبر و نالەبار پۆلێن بکرێت (Embick, 2010, p. 42).

بەم شێوەیە مۆرفۆلۆژیای دابەشکراو پێمان دەڵێت کە زبری سیفەتێکی زگماکیی ڕەگەکان نییە بەڵکو بەرهەمی ئەو پرۆسە ڕێزمانی و سیاقییانەیە کە لە ناو مێشکدا پۆلێنکردنی نوێ بۆ ڕەگە بێلایەنەکان دەخوڵقێنن (بازیان یونس محێدین و ئەوانی تر، ٢٠٢٤، لاپەڕە ٣٨٠).

١. میکانیزمی تێهەڵکێشانی درەنگوەخت (Late Insertion) و پرەنسیپی بلۆککردن (Blocking):

شایەنی ئاماژەپێدانە لە لای ڕێزماننوسانی کورددا و لای نووسەرانی تری ئەم بوارە، زاراوەی ( خستنەناوی ) درەنگوەخت بۆ وەرگێڕانی تێرمی ئینگلیزی (Late Insertion) بەکار هاتووە، بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەدا پێمان زانستیتر و گونجاوترە زاراوەی ( تێهەڵکێشانی درەنگوەخت ) بەکاربهێنین . چونکە ئەم زاراوەیە بە وردی گوزارشت لە پرۆسەی ئاوێتەبوون و تێهەڵکێشکردنی نیشانە دەنگییەکان لە ناو چوارچێوە ڕێزمانییە ئەبستراکتەکاندا دەکات.

بەپێی ئەم پرەنسیپە مۆرفیمەکان لە کاتی داڕشتنی ڕێزمانییدا هیچ فۆرمێکی دەنگییان (Phonological features) نییە، بەڵکو تەنها پاش ئەوەی ڕستەسازی کارەکەی خۆی تەواو دەکات ، فۆرمە دەنگییەکان لە لیستی دووەمەوە (Vocabulary List) دەخرێنە ناو گرێ ڕێزمانییەکانەوە (Halle and Marantz, 1993, p. 115). بەمجۆرە مێشک لە قۆناغێکی درەنگوەختدا دەنگەکان بۆ ئەو چوارچێوەیە دابین دەکات کە پێشتر دروست کراوە. ئەم میکانیزمە ڕوونی دەکاتەوە کە ڕەگی وەک (√مل) یان (√هوڕ) لە سەرەتادا تەنها یەکەی واتایین ، بەڵام لە کاتی تێهەڵکێشاندا ، ئاخێوەر ئەو فۆرمە دەنگییانە هەڵدەبژێرێت کە زۆرترین قورسایی زبرییان هەبێت (Embick, 2007, p. 8).

لێرەدا چەمکی بلۆککردن (Blocking) دێتە کایەوە کە یاسایەکی بنەڕەتییە لە دیاریکردنی براوەی نێوان فۆرمە دەنگییەکاندا. بەپێی ئەم پرەنسیپە کاتێک دوو فۆرم کێبڕکێ دەکەن بۆ جێگیربوون

لە ناو ڕەگێکدا ، ئەو فۆرمەی کە تایبەتمەندیی زۆرتری تێدایە یان لە ڕووی دەوروبەرەوە گونجاوترە فۆرمەکەی تر بلۆک دەکات و ڕێگری لێ دەکات دەربکەوێت . ( Aronoff, 1976, p. 43).

لە زمانی کوردیدا و لە بواری وشە زبرەکاندا ئەم پرۆسەیە بە ڕوونی دەردەکەوێت ، بۆ نموونە تاکی کورد لە جیاتی بەکارهێنانی وشەیەکی ئاسایی وەک (سەرەڕۆ) پەنا دەباتە بەر بونیادی (ملهوڕ).

بەپێی بۆچوونەکانی ( بازیان یونس و هاوکارانی ، ٢٠٢٤، ٣٨٢ ) دەتوانیین بڵێین لە مێشکدا بونیادی (ملهوڕ) کە لە دوو ڕەگی (√مل) و (√هوڕ) پێکدێت هەموو واتاکانی تری وەک ئازایەتی یان سەرکێشی بلۆک دەکات و تەنها واتایەکی زبر و نەرێنی دەهێڵێتەوە. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات ، کە تێهەڵکێشانی درەنگوەخت تەنها پرۆسەیەکی میکانیکی نییە بەڵکو پرۆسەی هەڵبژاردنی زیرەکانەیە کە تێیدا مۆرفیمە زبرەکان بەهۆی هێزی سیمانتیکییانەوە، وشە ئاساییەکان لە ناو دەوروبەرە دیاریکراوەکەدا پەک دەخەن و جێگەیان دەگرنەوە ( Marantz, 1997, p. 210).

١. پەیوەندییەکانی مۆرفۆلۆژیا بە پراگماتیک و سۆسیۆ-زمانەوانییەوە :

لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی دابەشکراودا (DM) زمان وەک سیستمێکی دابڕاو لە کۆمەڵگە سەیر ناکرێت ، بەڵکو لە ڕێگەی کارلێکی نێوان ڕەگەکان و لیستی ئینسایکلۆپیدیاوە ڕەهەندێکی ( سۆسیۆ-زمانەوانیی ) قووڵ وەردەگرێت. ئەم پەیوەندییە لە چەند خاڵێکی جەوهەریدا کورت دەبێتەوە:

أ. چەمکی پۆلێنکردنی دەوروبەری (Contextual Categorization) :

لە مۆرفۆلۆژیی دابەشکراودا ڕەگەکان (Roots) پێش ئەوەی بچنە ناو دەوروبەرێکی( سۆسیۆ-زمانەوانییەوە ) یەکەی بێلایەنن و هیچ بارگاوییەکی واتایی یان ئەخلاقییان تێدا نییە. لێرەدا پراگماتیک (Pragmatics) ڕۆڵی بڕیاردەری کۆتایی دەگێڕێت لە دیاریکردنی واتای وشەکەدا. کۆمەڵگە و دەوروبەری سیاسی (Socio-political context) بڕیار دەدەن کە کام پاشگری مۆرفۆلۆژی یان کام واتای تایبەت بۆ ڕەگەکە چالاک بکرێت.

بۆ نموونە، ڕەگی (√پیاو) لە باری ئاساییدا ئاماژەیە بۆ ڕەگەزی نێر ، بەڵام لە کاتی ململانێی سیاسی و حیزبیدا لە کوردستان ئەم ڕەگە لە بری ئەوەی مۆرفیمی واتایی ئازایەتی پێوە بلکێت مۆرفیمی نۆکەرایەتی یان جاسوسی لە لیستی ئینسایکلۆپیدیای مێشکی کورددا بۆ چالاک دەکرێت . ئەم گۆڕانە لە وەرگێڕانی مۆرفۆلۆژیدا (Morphological Interpretation) بەندە بەو دەوروبەرەی کە وشەکەی تێدا بەکاردێت (Marantz, 1997, p. 215). بەم پێیە پراگماتیک تەنها لایەنێکی دەرەکی نییە بەڵکو مەرجێکی پێویستە بۆ ئەوەی ڕەگەکان ناسنامەی ( مۆرفۆ-سیمانتیکی ) خۆیان وەربگرن.

ب. کاریگەریی بارودۆخی سیاسی لەسەر بونیادی وشەسازیی کوردیدا :

بارودۆخی سیاسیی کوردستان لە قۆناغە جیاوازەکاندا (وەک سەردەمی دەسەڵاتی بەعس یان ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو) وەک ئاراستەکەرێکی مۆرفۆلۆژی کاری کردووە. لەم قۆناغانەدا بونیادی وشەسازیی کوردی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە بۆ ئەوەی وەڵامی پێداویستییە دەروونی و سیاسییەکانی تاکی کورد بداتەوە.

١. سەردەمی ڕژێمی بەسەرچوو : لەم سەردەمەدا مۆرفۆلۆژیای کوردی ڕووبەڕووی وشەی داسەپاو بووەوە کە لە ئینسایکلۆپیدیای مێشکدا وەک وشەی زبر پۆلێن کران. بۆ نموونە

وشەکانی وەک (ڕەفیق، موستەشار) کە لە بنەڕەتدا وشەی ڕێزگرتن یان پلەی کارگێڕین . لە ڕێگەی پۆلێنکردنی دەوروبەرەوە گۆڕاون بۆ ناو و ناتورەی زبر و سووکایەتیپێکراو. لێرەدا مۆرفۆلۆژیا دەبێتە ئامرازێکی بەرگری (Linguistic Resistance) کە تێیدا ڕەگەکان لە واتای فەرهەنگیی خۆیان دادەماڵرێن و واتایەکی پڕ لە سووکایەتییان پێ دەبەخشرێت ( Halle and Marantz, 1993, p. 142).

١. ساڵانی نەوەدەکان و شەڕی ناوخۆ : ئەم قۆناغە بە خراپترین سەردەمی داڕشتنی وشەی زبر دەژمێردرێت لە مێژووی هاوچەرخی کورددا. ململانێی حیزبی وای کرد کە مێشکی ئاخێوەر پەنا بباتە بەر پرۆسەی لێکدان (Compounding) بۆ دروستکردنی تانە و ناتورەی سیاسی . وشەگەلێکی وەک ( قوونفرۆش ، جاش‌حیزب، ماستاوچی ، گەندەڵ ، ملپان ، جاش قەڵەم ، کۆیلەی حیزب ، قەڵەم شۆڕ ، مەسینە هەڵگر ، فیشاڵچی ، ترزل .... ) ( حەسەن ،٢٠٢١ ، ل ٢٠٠ )بەرهەمی ئەم قۆناغەن، کە تێیدا ڕەگەکان بە شێوەی بۆمب ئاسا یەکدەخرێن تا زۆرترین ئازاری دەروونی بە نەیار بگەیەنن . لێرەدا ( سۆسیۆ-زمانەوانی ) پێمان دەڵێت کە قەیرانی ناسنامە دەبێتە هۆی چالاککردنی ئەو مۆرفیمانەی کە لە لیستی ئینسایکلۆپیدیادا وەک تابۆ پۆلێن کراون (Pinker, 2007, p. 320).

بەم شێوەیە پەیوەندیی نێوان پراگماتیک و مۆرفۆلۆژیا لە تیۆری ( DM )دا ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن زمان وەک ئامرازێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکاردێت . وشە زبرەکان تەنها هەڵبژاردنی هەڕەمەکیی وشە نین بەڵکو بەرهەمی کارلێکێکی ئاڵۆزن لە نێوان بونیادی ڕێزمانی و ئەو ژینگەیەی کە ئاخێوەر تێیدا دەژێت (Embick and Noyer, 2007, p. 312).

١. تیۆری بلۆککردنی کۆمەڵایەتی (Social Blocking) و کارایی مۆرفیمە زبرەکان :

تیۆری بلۆککردن لە مۆرفۆلۆژیی دابەشکراودا (DM) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کاتێک دوو فۆرم یان دوو بونیاد کێبڕکێ دەکەن بۆ دەربڕینی مانایەک ، مێشک هەمیشە ئەو فۆرمە هەڵدەبژێرێت کە زۆرترین زانیاریی تایبەتی (Specific features) تێدایە و فۆرمە گشتییەکە پەکدەخات یان بلۆکی دەکات (Aronoff, 1976, p. 45). کاتێک ئەم چەمکە دەگوازینەوە بۆ بواری ( سۆسیۆ-زمانەوانی ) دەبینین کە لە کاتی ( قەیران ، هەڵبژاردن ، یان بارگرژییە کۆمەڵایەتییەکاندا ) مێشک پەنا دەباتە بەر لێکدانە مۆرفۆلۆژییە زبرەکان بۆ ئەوەی وشە ئاساییەکان بلۆک بکات.

أ. میکانیزمی هەڵبژاردنی لێکدانە قورسەکان

لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ئاخێوەر مەبەستیەتی زۆرترین کاریگەریی پراگماتیکی ( Pragmatic Effect) دروست بکات. لێرەدا وشە سادەکان یان ئاساییەکان وەک نەیار یان ڕکابەر توانای هەڵگرتنی ئەو قورساییە دەروونییەیان نییە. بۆیە مێشک پەنا دەباتە بەر بونیادی لێکدان (Compound) وەک ( پیلانگێڕ ) یان ( دەنگفرۆش ) ... بەپێی ( ئیمبیک و نۆیر ، ٢٠٠٧، ل ٣١٥)، هەڵبژاردنی بونیادی وشە لە مێشکدا بەستراوەتەوە بەو ( کاتژمێرە سۆسیۆ-زمانەوانییەی ) ،کە تێیدا دەژین. وشەی لێکدراوی ( دەنگفرۆش ) تەنها ناوێک نییە، بەڵکو بونیادێکی مۆرفۆلۆژیی چڕە کە مۆرفیمی بکەری (√فرۆش)ی تێدایە. ئەم لێکدانە لە مێشکی وەرگردا هەموو سیفەتە ئەرێنییەکانی بەرامبەر بلۆک دەکات و تەنها یەک وێنەی نەرێنی لە لیستی ئینسایکلۆپیدیادا دەهێڵێتەوە (Embick and Noyer, 2007, p. 315).

ب. مۆرفیمەکانی (فرۆش) و (بڕ) وەک کەرەستەی پراگماتیکی :

ئەم دوو مۆرفیمە لە زمانی کوردیدا وەک مۆرفیمی جەنگی کار دەکەن لە کاتی ململانێکاندا. کارکردنیان بەم شێوەیە پۆلێن دەکرێت:

- مۆرفیمی (√فرۆش): لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، ئەم ڕەگە کاتێک لەگەڵ ناوە مەعنەوییەکاندا وەک ویژدان، دەنگ، یان نیشتمان لێکدەدرێت ، پرۆسەی دارشتنی زبر ( Pejorative Formation) ڕوودەدات. لە کاتی هەڵبژاردندا وشەی ( ویژدانفرۆش ) بلۆکی هەموو ناسناوەکانی تری نەیار دەکات. پراگماتیکی ئەم وشەیە وایە کە ( وەرگر ) ئیتر بەرامبەر وەک مرۆڤ نابینێت، بەڵکو وەک کاڵایەکی بازرگانی دەیبینێت. ئەمە نیشانی دەدات کە چۆن مۆرفۆلۆژیا دەبێتە ئامرازێک بۆ شکاندنی شکۆی مرۆیی (Marantz, 1997, p. 218).

- مۆرفیمی (√بڕ): ئەم مۆرفیمە لە لێکدانەکانی وەک ( پیلبڕین، قوڵبڕ، یان گیرفانبڕ )دا ئەرکی پەکخستنی متمانە دەگێڕێت. لە بارگرژییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکارهێنانی مۆرفیمی( بڕ ) لە ناو وشە لێکدراوەکاندا وەک چەکێکی زمانەوانی بەکاردێت بۆ ئەوەی بەرامبەر لە وێنەی هاووڵاتییەوە بگوێزرێتەوە بۆ وێنەی تاوانبار. لێرەدا بلۆککردنەکە لە ئاستی پێگەی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات . مۆرفیمی( بڕ ) هەموو پێناسە یاسایی و مرۆییەکانی تری کەسەکە لە مێشکی جەماوەردا دەسڕێتەوە (Halle and Marantz, 1993, p. 148). کەواتە بلۆککردنی کۆمەڵایەتی ئەوە دەردەخات کە مۆرفۆلۆژیا لە کاتی قەیراندا کارگەیەکی چالاکە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو وشانەی کە زۆرترین برینی دەروونی دروست دەکەن. هەڵبژاردنی لێکدراوە زبرەکان لە جیاتی وشە سادەکان ستراتیژێکی ( مۆرفۆ-پراگماتیکییە ) بۆ کۆنترۆڵکردنی تێڕوانینی گشتی و بەزاندنی نەیار لە مەیدانی زماندا (Pinker, 2007, p. 325).

- وەرگێڕانی مۆرفۆ سیمانتیکی (Morpho-semantic Interpretation) وەک ئاوێنەی مێژوو :

لە تیۆری مۆرفۆلۆژیی دابەشکراودا (DM)، قۆناغی کۆتایی بەرهەمهێنانی وشە بریتییە لە وەرگێڕانی سیمانتیکی کە لە لیستی سێیەمدا (Encyclopedia) ڕوودەدات. ئەم لیستە ئەو پردە کاتییەیە کە ( پراگماتیک و سۆسیۆ-زمانەوانی ) دەهێنێتە ناو جەرگەی مۆرفۆلۆژیاوە. لێرەدا وشەکان تەنها وەک بونیادێکی ڕێزمانی نامێننەوە، بەڵکو بارگاوی دەبن بەو ئەزموونە مێژوویی و سیاسییانەی کە کۆمەڵگە تێیدا تێپەڕ دەبێت.

أ. داینامیکییەتی واتا لە ئینسایکلۆپیدیای مێشکدا

پراگماتیک پێمان دەڵێت کە واتای وشە یەکەیەکی وەستاو و جێگیر نییە ، بەڵکو بەپێی گۆڕانی دەسەڵات و بارودۆخی سیاسی وەرگێڕانی نوێی بۆ دەکرێت. بەپێی ( هالی و مارانتز ، ١٩٩٣، ل١٥٠)، لیستی ئینسایکلۆپیدیا بەرپرسە لە بەستنەوەی ڕەگە بێلایەنەکان بە زانیارییە دەرەکییەکانەوە. بۆ نموونە، بونیادی مۆرفۆلۆژیی ( ڕەفیق حیزبی ) لە ڕووی پێکهاتەوە تەنها لێکدانی ناو و ئاوەڵناوە بەڵام ( سۆسیۆ-زمانەوانیی ) سەردەمی ( بەعس ) ئەم بونیادەی گۆڕی بۆ مۆرفیمێکی ترسناک. لێرەدا مێشکی کورد لەو قۆناغەدا وەرگێڕانێکی نەرێنیی بۆ ئەم وشەیە کردووە ، کە تێیدا واتای هاوڕێیەتی بلۆک کراوە و واتای ( سیخوڕی و سەرکوتکردن ) جێگەی گرتووەتەوە (Halle and Marantz, 1993, p. 150).

ب. مۆرفۆلۆژیا وەک تۆمارکەری مێژووی سیاسی :

ئەو داتایانەی پەیوەستن بە جنێو و ناتورەکان بۆ ( ڕژێمی بەسەرچوو ) ئەوە دەسەلمێنن کە مۆرفۆلۆژیا دەبێتە ئاوێنەی مێژوو. لە مۆرفۆلۆژیی دابەشکراودا وای بۆ دەچێت ، کە کاتێک دەسەلاتێکی سیاسی دەڕوخێت یان دەگۆڕێت، واتای جێگیربوو لە لیستی ئینسایکلۆپیدیادا نوێ دەکرێتەوە (Marantz, 1997, p. 222).

- قۆناغی داسەپاندن: لەم قۆناغەدا وشەگەلی وەک (قائید، ڕەفیق، مەنزوومە) وەک یەکەی مۆرفۆلۆژیی دەسەلات دێنە ناو زمانەوە.

- قۆناغی بەرگری و زەبروزەنگ: تاکی کورد لە ڕێگەی پرۆسەی دواخستنی واتاوە ئەم وشانەی گۆڕیوە بۆ جنێو و ناتورە. وەک ئاماژەی پێ دراوە، وشەکان دەبنە نیشانەی ململانێ بۆ نموونە بەکارهێنانی ناوی ( سەددام ) وەک ڕەگێکی زبر کە دەیان وشەی لێکدراوی نەرێنیی لێ دروست کراوە . ئەمیش ئەوە نیشان دەدات کە چۆن مێشک پاشخانی سیاسی بەکاردێنێت بۆ گۆڕینی ئەرکی مۆرفۆلۆژیی ناوە تایبەتەکان (Pinker, 2007, p. 330).

ج. گۆڕانی دەسەلات و وەرگێڕانی نوێ :

بەپێی بۆچوونەکانی ( ئیمبیک و نۆیر ،٢٠٠٧، ل ٣٢٠) مۆرفۆلۆژیا ڕووکاری زمانە بۆ جیهان . گۆڕانی دەسەلات دەبێتە هۆی ئەوەی مێشک کۆدە سیمانتیکییەکانی پێشووتر بسڕێتەوە و کۆدی نوێ دابنێت. وشەیەک کە دوێنێ جێی شانازی بووە ، ئەمڕۆ لە ڕێگەی مۆرفۆلۆژیایەکی زبرەوە دەبێتە شەرمەزاری . ئەم گۆڕانکارییە لە ناو لیستی سێیەمدا (Encyclopedia) ئاماژەمان پێداوە ،کە وەک بانکێکی زانیاریی کۆمەڵایەتی کار دەکات و ڕێگە بە ئاخێوەر دەدات لە کاتی پێویستدا وەک کاتی ( تووڕەیی یان هەڵبژاردن ) ئەو واتا بارگاوییانە بەکاربهێنێتەوە (Embick and Noyer, 2007, p. 320).

کەواتە وەرگێڕانی ( مۆرفۆ-سیمانتیکی ) ڕوونی دەکاتەوە کە زمان ئامرازێکی بێلایەن نییە، بەڵکو ماددەیەکی بیرکردنەوەیە کە مێژووی تێدا دەنووسرێتەوە . وشە زبرە سیاسییەکانی کورد، بەڵگەی زیندوون لەسەر ئەوەی کە چۆن مۆرفۆلۆژیای کوردی توانیویەتی ئازارە سیاسییەکان بگۆڕێت بۆ بونیادی زمانەوانیی بەرگری (Marantz, 1997, p. 222).

١. مۆرفۆلۆژیی جووتەوشە زبرەکان و بونیادی دەنگی (Reduplication) :

جووتەوشەکان (Reduplication) یەکێکن لە دیارترین و ئاڵۆزترین بونیادە مۆرفۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، بەتایبەت لە بەرهەمهێنانی وشە زبرەکان و تانە و تەشەرەکاندا. ئەم پرۆسەیە لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی تەواو یان بەشەکیی ڕەگێکەوە دروست دەبێت تاوەکو واتایەکی زیادەکراو یان سوکایەتیپێکراو ببەخشێتە وشەکە. لە ژێر ڕۆشنایی مۆرفۆلۆژیی دابەشکراودا (DM) ئەم دیاردەیە ئەوە نیشان دەدات کە چۆن مێشک قاڵبێکی مۆسیقی بەکاردەهێنێت . هەر وەک مۆرفیمێکی ئەرکی لە لیستی یەکەمدا یاماژەمان پێیداوە ( Halle and Marantz, 1993, p. 130).

١. جووتەوشە لێکدراوەکان و بونیادی دەنگ‌گۆڕان و پاشکۆیی :

لە زمانی کوردیدا یەکێک لە ڕێگە هەرە باوەکانی دروستکردنی وشەی زبر بریتییە لە بەکارهێنانی جووتەوشە لێکدراوەکان کە لەسەر دوو جۆر بونیادی فۆنۆلۆژی بونیادنراون . جۆری یەکەم پشت بە دەنگ‌گۆڕان (Ablaut Reduplication) دەبەستێت کە تێیدا بزوێنی ناوەکیی ڕەگی دووەم دەگۆڕدرێت بۆ دروستکردنی کێشێکی مۆسیقیی قورس وەک لە نموونەکانی: (گەدە و گودە، گەجەر و گوجەر، گەڕ و گوڕ) (حەسەن، ٢٠١٨، لاپەڕە ١٢٦). لەم بونیادەدا مێشک

له قۆناغی تێهەڵکێشانی درەنگوەختدا (Late Insertion) فۆرمی دەنگیی ڕەگی دووەم بە جۆرێک دەگۆڕێت کە لە لیستی ئینسایکلۆپیدیادا وەک ( بێبایەخکردن ) وەرگێڕانی بۆ بکرێت (McCarthy and Prince, 1993, p. 25). جۆری دووەم بە جووتەوشەی پاشکۆیی ( Echo Reduplication) دەناسرێتەوە ، کە تێیدا مۆرفیمی دووەم بە گۆڕینی دەنگی دەستپێک دروست دەبێت ، وەک لە نموونەکانی: (هیچ و پیچ، هەڵیت و پەڵیت، گەوج و لەوج ، گزی و فزی) (حەسەن، ٢٠١٨، ل ١٢٦). ئەم پرۆسەیە ئەوە نیشان دەدات کە مۆرفۆلۆژیای کوردی خاوەن قاڵبێکی ئامادەکراوە (Template) . کاتێک مۆرفیمێکی پاشکۆ وەک ( پەڵیت ) یان ( لەوج ) زیاد دەکرێت ئەرکەکەی بلۆککردنی هەر جۆرە بەهایەکی ئەرێنییە کە لە وشەی یەکەمدا مابێت و ئەم گۆڕانکارییە لە لیستی دووەمی مێشکدا (Vocabulary List) وەک نیشانەیەکی ( کەمبایەخکردن ) بۆ سووکایەتیپێکردن پۆلێن دەکرێت ( Inkelas and Zoll, 2005, p. 15).

١. جووتەوشەی مۆسیقادار و ناتورە (Echo Reduplication) :

ئەم جۆرە وشانە ، کە لە ( فەرهەنگی وشە زبرەکان )دا بە شێوەیەکی بەرفراوان هاتووە، وەک (هات و هووت، هەلە و پەلە، خرت و پرت ، ... ) پشت بە گۆڕینی دەنگی دەستپێک دەبەستێت. لێرەدا مێشک یاسایەکی مۆرفۆلۆژی پەیڕەو دەکات کە پێی دەوترێت ( Fixed Segmentism)، کە تێیدا پیتی (پ) یان (هـ) وەک مۆرفیمێکی پووچ (Null Morpheme) کاردەکەن بۆ ئەوەی وشەکە کێشێکی مۆسیقی وەرگرێت. ئەم ئاوازە لە لیستی ئینسایکلۆپیدیادا وەک بێبایەخکردن (Depreciation) وەرگێڕانی بۆ دەکرێت ( Inkelas and Zoll, 2005, p. 12). کاتێک دەڵێین (هەلە و پەلە) ئێمە تەنها باس لە کردارێک ناکەین، بەڵکو لە ڕێگەی مۆرفۆلۆژییەوە بێبایەخیی ئەو کردارە ڕادەگەیەنین.

١. ناتورە و سەروای ناوخۆیی (Rhyming Nicknames) :

داتاکانی وەک (عومە قومقومە، ئەحە جومجومە، عەبۆ سەتەڵ ... ) نموونەی هەرە دەوڵەمەندی مۆرفۆلۆژیای کوردین لە دروستکردنی ناتورەدا.

بەپێی شرۆڤەکردنی ( مۆرفۆ-سیمانتیکی )دا دەتوانیین بڵێین ، پرۆسەی تێهەڵکێشانی درەنگوەخت (Late Insertion) تەنها وشەیەکی دەنگی هەڵنابژێرێت بەڵکو وشەیەک هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵ ڕەگی ناوەکەدا (وەک: √عومە) یەکبگرێتەوە. ئەمە ئەوە نیشان دەدات کە سەروای وشە لە لیستی دووەمی مێشکدا دەبێتە مەرجێکی مۆرفۆلۆژی ( Harley and Noyer, 1999, p. 8). ئەم ناتورانە دەبنە جۆرێک لە کۆدی کۆمەڵایەتی کە لە لیستی ئینسایکلۆپیدیادا سیفەتێکی دزێو بە ناوەکە دەبەخشن.

- مۆرفۆلۆژیی لێکدانە بکەرەکان و بونیادی (ناو + ڕەگی کار) :

ئەم بەشە پۆلێنێکی مۆرفۆلۆژیی یەکجار گرنگ لەخۆدەگرێت کە تێیدا ڕەگی ناو ( Noun Root) لەگەڵ ڕەگی کاردا (Verbal Root) یەکدەگرێت تاوەکو سیفەتێکی بکەری دروست بکات. لە مۆرفۆلۆژیی دابەشکراودا (DM)، ئەمە ئەوە دەردەخات کە چۆن سینتاکس دەتوانێت لە ناو وشەیەکی تاقانەدا پرۆسەی (بەرکار + کار) ئەنجام بدات پێش ئەوەی فۆرمە دەنگییەکە لە لیستی دووەمدا دابین بکرێت (Halle and Marantz, 1993, p. 135).

١. مۆرفۆلۆژیی (ناو + ڕەگی کار : بڕین)

له نموونه‌كانی (پیلبڕین، قوڵبڕ، گیرفانبڕ، بەرکبڕ، جێوبڕ ... ) ئیمە ڕووبەڕووی مۆرفیمی (√بڕ) دەبینەوە وەک ڕەگی کار . لێرەدا ڕەگی (√بڕ) له لیستی یەکەمدا تەنها ئاماژەیە بۆ کردارێکی فیزیکی بەڵام کاتێک لەگەڵ ناوێکی وەک (قوڵ) یان (گیرفان) لێکدەدرێت ، له لیستی ئینسایکلۆپیدیادا دەبێتە هێمایەک بۆ دزی و فێڵبازی. هەر لەم ڕووەوە ( شاڵاو عەبدوڵلا ساڵح ، ٢٠١٧، ل٨٥) ئاماژە بەوە دەدات که ئەم جۆرە لێکدانانە خاوەن واتایەکی جێگیربووی مۆرفۆ-سیمانتیکین که تێیدا واتای فیزیکی بڕین نامێنێت و واتایەکی ئەخلاقیی نەرێنی جێگەی دەگرێتەوە.

- مۆرفۆلۆژیی (ناو + ڕەگی کار : فرۆشتن )

له نموونەکانی (دەنگفرۆش ، ویژدانفرۆش ، جنێوفرۆش ...) مۆرفیمی بکەری (√فرۆش) پۆلێنێکی سیمانتیکیی نوێ وەردەگرێت.

بەپێی شرۆڤەی ( DM ) پرۆسەی پۆلێنکردن (Categorization) ڕوودەدات ، چونکە ڕەگی (√فرۆش) که له فەرهەنگدا بۆ بازرگانییە ، لێرەدا دەبێتە پاشگرێکی بکەری ( Agentive Suffix). له ئینسایکلۆپیدیای مێشکی کورددا، فرۆشتنی شتە مەعنەوییەکان وەک نزمترین ئاستی مرۆیی پۆلێن دەکرێت. ئەمە ئەوە نیشان دەدات که چۆن مۆرفۆلۆژیی کوردی سوود له کردارە ئاساییەکان وەردەگرێت بۆ دروستکردنی تاوانە ئەخلاقییەکان ( Harley and Noyer, 1999, p. 12).

- ناتورە مۆرفۆ-سیمانتیکییەکان (مێشخۆر، خاولیهەڵگر ، سەگگوژ ... ) :

ئەم نموونانە قووڵایی داهێنانی مۆرفۆلۆژیی تاکی کورد نیشان دەدەن له سووکایەتیکردندا:

- خاولیهەڵگر: بونیادی (ناو + پێشگر + ڕەگی کار)ی هەیە. لێرەدا مێشک وێنەیەکی فیزیکی (هەڵگرتنی خاولی) دەگۆڕێت بۆ مۆرفیمێکی واتایی بۆ ماستاوچێتی و سووکی.

- مێشخۆر: لێرەدا ڕەگی (√خۆر) بلۆکی هەموو واتا بایۆلۆژییەکانی خواردن دەکات و تەنها واتای نەداری و چرووکی چالاک دەکات (Embick and Noyer, 2007, p. 305).

- شیکاریی جیهانیی ( مۆرفۆ-سیمانتیکی ) ناوی گیانداران له زمانی کوردیدا :

له زمانی کوردیدا ناوی گیانداران وەک ڕەگی بێلایەن (Neutral Roots) کار دەکات ، بەڵام کاتێک له ڕێگەی ئامرازە مۆرفۆلۆژییەکانی وەک ئامرازی لێکچواندن ( دەڵێی ، وەک) دەچنە ناو ڕستەوە ، له لیستی ئینسایکلۆپیدیادا (Encyclopedia) واتایەکی ڕەفتاری ( Behavioral Meaning) وەردەگرن.

- مۆرفۆلۆژیی لێکچواندن و بارگاویبوونی سیمانتیکی :

پرۆسەی زیرکردنی وشە لێرەدا پشت بە وێنەی مێشکی (Mental Imagery) دەبەستێت. بەپێی بنەماکانی مۆرفۆلۆژیی دابەشکراو کاتێک دەڵێین (وەک ڕێوی)، ڕەگی (√ڕێوی) له لیستی یەکەمدا تەنها ئاماژەیە بۆ گیاندارێک ، بەڵام له ئینسایکلۆپیدیای مێشکی کورددا ئەم ڕەگەی مۆرفیمی (فێڵزان) یان ( فێڵباز )ی پێوە دەلکێت (Pinker, 2007, p. 335).

- بلۆککردنی سیمانتیکی (Semantic Blocking) :

له مۆرفۆلۆژیی دابەشکراودا چەمکی بلۆککردن (Blocking) ڕوونی دەکاتەوە که بۆچی ئێمە ناوی گیاندارەکە بەکاردێنین له جیاتی ئاوەڵناوەکە ( Embick and Marantz, 2008, p.

15). بۆ نموونە : ئاخێوەری کورد وشەی (ڕێوی) بەکاردێنێت بۆ بلۆککردنی وشەی (فێڵزان ، فێڵباز) چونکە (ڕێوی) وەک مۆرفیمێکی چڕوپڕتر و کاریگەرتر لە مێشکدا جێگیر بووە. ئەمە لە جیهاندا بە (Animal Epithets) ناسراوە کە تێیدا ناوی ئاژەڵەکە دەبێتە کۆدی ڕەفتاری.

- جیاوازیی کولتووری و ڕەهەندی ( سەگ ) :

(سەگ) لە زمانی کوردیدا لە باری ئاساییدا وەک نیشانەی وەفا ناسراوە ، بەڵام لە لیستی زانیاریی زبردا وەک پیسی و گڵاوی وەرگێڕانی بۆ دەکرێت. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە یەک ڕەگ (Root) دەتوانێت دوو وەرگێڕانی جیاوازی هەبێت لە لیستی سێیەمدا ، یەکێکیان پەسەند و ئەوی تریان تابۆ (Marantz, 1997, p. 225). ئەم دووفاقییە مۆرفۆ-سیمانتیکییە یەکێکە لە تایبەتمەندییە دەوڵەمەندەکانی دیالێکتی ناوەڕاست.

- ئەنجامەکان (Conclusions)

ئەم توێژینەوەیەی کە لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری مۆرفۆلۆژیی دابەشکراودا (DM) شرۆڤەی بۆ وشە زبرەکانی دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدا کرد گەیشتە ئەم ئەنجامە زانستییانە:

١. داهێنان لە دروستەی زبردا: توێژینەوەکە سەلماندی کە زمانی کوردی زمانێکی یەکجار داهێنەرە لە داڕشتنی دروستە زبرەکاندا. ئەم داهێنانە لە بەکارهێنانی بونیادە مۆرفۆلۆژییە ئاڵۆزەکانی وەک ئاوێتە ڕەگییەکان و جووتەوشە مۆسیقییەکاندا دەردەکەوێت کە ئامانجیان گەیاندنی زۆرترین کاریگەریی پراگماتیکییە.

٢. گونجانی زمانی کوردی لەگەڵ تیۆری DM: شرۆڤەی داتاکان نیشانیاندا کە مۆرفۆلۆژیی کوردی لە کاتی بەرهەمهێنانی وشە زبرەکاندا بە تەواوی پەیڕەوی یاسا وردەکانی تیۆری DM دەکات. پرۆسەکانی وەک تێهەڵکێشانی درەنگوەخت، بلۆککردن و پۆلێنکردنی دەوروبەری لە لیستی ئینسایکلۆپیدیادا بە ڕوونی لە مێشکی ئاخێوەری کورددا کار دەکەن.

٣. ڕۆڵی ڕەگ و دەوروبەر : توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ڕەگەکان لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا وەک یەکەی ئەبستراکت و بێلایەن دەستپێدەکەن، بەڵام ئەوە پراگماتیک و بارودۆخی ( سۆسیۆ-زمانەوانییە ) کە بڕیار لەسەر ناسنامە ئەخلاقی و واتاییەکەیان دەدات.

٤. کاریگەریی ( مۆرفۆ-مۆسیقی ) : دەرکەوت کە جووتەوشەکان و ناتورە مۆسیقییەکان لە زمانی کوردیدا تەنها بۆ جوانکاری نین بەڵکو وەک مۆرفیمی بێبایەخکردن و سووککردن بەکاردێن، کە تێیدا کێش و ئاوازی وشەکە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە لیستی دووەمی مێشکدا.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

**- پێرستی سەرچاوەکان (References)**

سەرچاوە کوردییەکان:

- بازیان یونس محێدین، سەباح ڕەشید قادر و ئازاد ڕەمەزان عەلی (٢٠٢٤) مۆرفۆلۆجیی دابەشکەرانە لە زمانی کوردیدا. گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین. ١٢ (٤)، لاپەڕە ٣٧٥-٣٨٨.

- حسێن، سالار ک. (٢٠٢٤) بنەماکانی فانتازیا لای ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل بە نموونەی چیرۆکی (فڕینەکان، خەونە بێسەروبەرەکان). گۆڤاری زانکۆی کەرکووک کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ١٩ (٤)، بەشی دووەم.

- شالاو عەبدوڵلا سالح (٢٠١٧) دروستەی وشە لە زمانی کوردیدا: شیکردنەوەیەکی مۆرفۆسیمانتیکی لە تیشکی تیۆری مۆرفۆلۆژیی دابەشکەراندا. نامەی ماستەر. زانکۆی سەلاحەدین، لاپەڕە ١-١٥٠.

- محەمەد فەریق حەسەن (٢٠١٨) فەرهەنگی وشە زبرەکان. چاپی یەکەم. سلێمانی، لاپەڕە ٥-٢٠٠.

سەرچاوە بیانییەکان:

- Aronoff, M. (1976) Word Formation in Generative Grammar. Cambridge, MA: MIT Press, pp. 1-230.

- Embick, D. and Noyer, R. (2007) Distributed Morphology and the Syntax-Morphology Interface. Oxford: Oxford University Press, pp. 289-324 .

- Halle, M. and Marantz, A. (1993) Distributed Morphology and the Pieces of Inflection. Cambridge, MA: MIT Press, pp. 111-176.

- Marantz, A. (1997) No Escape from Syntax: Don't Try Morphological Analysis in the Privacy of Your Own Lexicon. University of Pennsylvania, pp. 201-225.

- Pinker, S. (2007) The Stuff of Thought: Language as a Window into Human Nature. New York: Viking, pp. 310-350.

**- List of References**

Kurdish sources:

- Bazian Younis Mohidin, Sabah Rashid Qadir and Azad Ramazan Ali (2024) Divisional morphology in Kurdish. Journal of Raperin University. 12 (4), pp. 375-388.

- Hussein, Salar K. (2024) The principles of fantasy in Ahmad Mohammed Ismail with the example of the story (Flights, Uncontrolled Dreams). Journal of Kirkuk University College of Education for Humanities, 19 (4), Part II.

- Shalaw Abdullah Salih (2017) Word correctness in Kurdish: A morphosemantic analysis in the light of distributive morphological theory. Master's Letter. Salahaddin University, pp. 1-150.

- Mohammed Fariq Hassan (2018) Dictionary of Rough Words. First Edition. Sulaymaniyah, pp. 5-2
Foreign sources:

- Aronoff, M. (1976) Word Formation in Generative Grammar. Cambridge, MA: MIT Press, pp. 1-230.
- Embick, D. and Noyer, R. (2007) Distributed Morphology and the Syntax-Morphology Interface. Oxford: Oxford University Press, pp. 289-324 .
- Halle, M. and Marantz, A. (1993) Distributed Morphology and the Pieces of Inflection. Cambridge, MA: MIT Press, pp. 111-176.
- Marantz, A. (1997) No Escape from Syntax: Don't Try Morphological Analysis in the Privacy of Your Own Lexicon. University of Pennsylvania, pp. 201-225.
- Pinker, S. (2007) The Stuff of Thought: Language as a Window into Human Nature. New York: Viking, pp. 310-350.